Www.Kurdishthinktank.org

# مەنەفێستی مەلەکیەت لەکوردستان

غیاسەددین نەقشبەندی

bazoft2001@yahoo.com.au

٢٧ \ ٥ \ ٢٠٠٩



**گەر دێهەبوایە مە پادشاهەک**

**لائق بدیا خودی کولاهەک**

**تەعیین ببوا ژبو وی تەختەک**

**زاهیرڤەدبو ژبومە بەختەک**

**حاسل ببوا ژبو وی تاجەک**

**ئەلبەتە دەبو مەژی رەواجەک**

**خەمخواری دکر لمە یەتیمان**

**دئینواینە دەر ژدەستێ لەئیمان**

**غالب نەدبو لسەر مە ئەڤ روم**

**نەدبونە خرابەی دەست بوم.**

**ئەحمەدێ خانێ**

لەبەر ئەوەی بەتوندی بەر شاڵاوەکانی شەڕی دوو ئایدیۆلۆجیای سەرسەخت کەوتووین و بووین بە گووریی شەڕی سارد، کە هەردوو جەمسەرەکەی لەگەڵ دروستبوونی کەیانێکی کوردیدا نەبوون. نەمانزانی چۆن سوود لەو ململانێیە وەرگرین و کوردستانیش بوو بە تاقیگەی ئەزموون و تیۆرە سیاسیەکان و واری بەکارهێنانی چەکی فرۆشراووئێمەی کوردیش بەدۆگما ئەسیری چەند زاراوەیێکی سیاسی ماینەوە، کە لەناو فەرهەنگە سیاسیەکاندا تۆزی لەسەر نیشتووەو زەمان تووری هەڵداون: ئیمپیریالیزم، برجوازیەت، خەباتی پرۆلیتاریا،ململانێی چینایەتی، کافر، لەڕێدەرچوو، ئیقطاعی، رجعی ..هتد.

ئێمە نەمانتوانی لەمارکسیزم بگەین، لەبەر ئەوەی لەکەلتورماندا کۆنسێپتێکی نامۆبوو وهەروەها ئاینەکەشمان دۆڕاند و نەمانزانی وەکو تورک و فارس ئاینەکە بۆ خزمەتی ئارمانجی نەتەوەیی بەکاربێنین. نە بەئیسلام توانیمان دەوڵەت درووستکەین و نەش هێزی چەپمان بۆ گەیشتن بەئارمانجە نەتەوەییەکان بەکارهێنا.

شەڕی شەپۆلی هزری چەپ و پێشکەوتنخوازمان بەئیسلام و رجعیەت دەکرد و بەدەیان ناووناتۆرەی ئیستیعماری رەجعیمان بەکاردەهێنا بۆ لێدانی ئەو هزرە مەزنەو لەهەمانکاتدا شەڕی ئاینمان بە کۆمونیستییێکی سەقەت و ئیفلیج دەکرد کە تەنها رەنگی سوورو چەکوچواسەکەی لەکۆمیونیزم دەچوو. چەپەکەمان دەستی بە پرۆژەیێکی مەزنی هۆشیارکردنەوە کرد، چونکە چەپ خوێندنگەیەکی فیکری مەزن بوو بۆ خەڵک، دەتوانم بڵێم تەنها گروپی هزریبوو بتوانێت دەستکاری بیروباوەڕی خەڵکی کوردستان بکات و باوەڕیان بە ئاین لەقبکات، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆژەیان بەنیوەچڵی بەجێهێشت و هەوڵیان دا پرۆژەیێکی راستی نەرمڕۆو پێشکەوتنخواز بکەن بە ئەلتەرناتیڤ، لە ئەنجامدا بوون بە کۆپییێکی خراپی راست و مللەتی کوردشیان بە نیوەچڵی بەجێهێشت و نەیانگەیاندە رێژەیێکی هۆشیاری بەرز بۆ ئەوەی ئەو هۆشیاریەی ببێتە رێگر لەخراپەکاری، چونکی مرۆڤ یەکی لەدووان پێویستە بۆ ئەوەی بەردی بناغەی بەهاو ئاکار دابنێت: یان دەبێ هۆشیارییێکی بەرزی ئەوتۆی هەبێت کە لەبەر ئەو هۆشیاریە خراپە نەکات، یانیش دەبێ، لە رۆژی حیساب و لە قیامەت و جەهەنەم بترسێندرێت.

بۆ خوێنەری سیاسی باری کوردستان بەئاشکرا دەرکەوت کە روخاندنی بەهاو ئاکار و رەوشتی کۆن شتێکی باش نییە، ئەگەرچی کۆنەپەرستی ودۆگمای پێوە دیاربێت ئەگەر پێشتر ئاکارێکی نوێی مۆدرن نەچەسپێنین ناتوانین ئەخلاقی کۆن بەشۆڕشگێڕی پروخێنین، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ بەها وئاکار و ئەخلاق بژیێت، کەواتە بەهاو ئاکار و ئەخلاقی ئارا هەرچەندە خراپ وپاشکەوتوبێت، لەبێ بەهاو ئاکار وئەخلاق باشترە، بەکورتی، ئەخلاقی کۆن لەبێئەخلاقی باشترە، لەناوبردنی ئەخلاق و بەهاو ئاکاری نوێ بە پرۆسێسێکی تەدریجی و لەسەرەخۆ دەکرێت و ئەزموون و تاقیکردنەوە هەنگاوی داهاتوومان نیشاندەدات. تەواوبوونی شەڕی سارد و رووخانی بلۆکی سۆشیال کۆتایی بەو ململانێیە نەهێنا، بەڵکو لەئەنجامی ئەو نسکۆیە مەزنانەدا نەوەیێکی زۆر سەیر درووستبوو، کە بەدرۆ دەڵێت زیرەکی و بە دزی دەڵێ ژیری و بە بێ بەهاو ئاکاری و بەهیچ نەزانینی مافی خەڵکیتر بەرامبەر بە مافەکانی خۆی دەڵێ ئازایەتی،بۆ نا! نەترسی خوای ماوەو نەش ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیریەکەی ئەوەندە بەرزن لەبەریان خراپە نەکات، تەنها چەند زاراوەیێکی خرش مایەوە مرۆڤی کورد خۆی پێوەهەڵواسێت، لە ژێر فشاری قەیرانێکی مەزنی

هزردا بەرەو دواوە کشایەوەو خۆی بە بەهاو ئاکارە عەشایریەکان هەڵواسی، چونکە ئەو بەهاو ئاکارانە تەناهی وشەرەف "بە واتا ساکارەکەی" پێدەبەخشی، ئینجا کۆنسێپتی تازە لەسەر بنەما کۆنەکان درووستبوون و کەوتینە ناو گێژاوی زاراوەکان، وامان دەزانی کە مەلەکیەت ومیرنشێنی دژی وەطەنییەت و پێشکەوتنخوازیی وپاتریۆتیزمەو لەهەمانکاتدا وا ایتەگەیشتبووین کە چەپ دژی ئاین و پرواو قەومیەتە لەهەردوو کۆنسێپتدا بویەری ئیکستریمیمان وەرگرتبوو، کە چەپ چەپایەتی خۆی دەدۆرێنێت کارتێکردنێکی دراماتیکی لە راستیش دەکات بۆیەش پەیوەندی نێوان هەردوو جەمسەرەکە پەیوەندیێکی گرنگە و هەردووکیان بۆ یەکتری گرنگن بۆ ئەوەی لەروانگەی دژایەتی و پێڤاژی یەکتری ئیسباتکەن.

لەکەنگای ئەو هەموو ئەزموونە سەختانەدا، باری کۆمەڵایەتی کورد چەقی و لەحاڵەتێکی نەلڤدا مایەوەو لە حەتمیەتی گۆرانکاریش کۆمەڵگای کوردەواری هەر لە قۆناغی فیودالیزم مایەوەو لەبەر داگیرکردن، دیاسپۆرا، پەرتبوون، رووخانی بروا لای تاک، بێ هەداری و نەبوونی ناوکێک، سینترالێکی بەهێزو زۆر فاکتەری تر تەنها وەکو کۆمەڵێکی خێڵەکیماینەوە؛ مامۆستامان، سیاسیمان، ئەکادیمیمان، دکتۆرمان، پرۆفیسۆرمان،سەرۆک حزبی پێشکەوتنخواز وچەپمان، تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەش ژیاون و خوێندوویانە، ئاغایێکیان لەناخدایە! حەزدەکەن خەڵک لەبەریان هەڵستێ، لەدوایان بڕۆن، و لەدەرگا بەپێشیانبخەن، کۆمەڵگامان کۆمەڵگاییکی جوتیاری فیوداڵیە بەهەموو گرێداڤیەکانییەوە. جارێ کۆنسێپتی "شار" وشارستانییەت دروست نەبووە. بێگومان لەبەرکردنی جلی مۆدرن و دروستکردنی ئاڤاهی بەرز و بورج و هوتێل، شارستانییەت ناهێننەکایەوە. تەڤلیبوونی نەتەوەییمان، شارستانیمان، دەوڵەتیمان، هەمووی لاوازە، تەنها تەڤلیبوونی خێڵەکیمان بەهێزەو خێڵەکەمان بەسەر هەموو تەڤلیبوونەکانماندا زاڵە، بۆیەش دڵێم: ئێمە لەناو پێڤاژێکی زۆرسەیردا دەژین، نوێنەرەکانی هزری چەپمان چەپ نەبوون، بەڵکو ئاغایێکیان لەناخدا بووە و هەر سکرتێرێکی حزبێکی چەپ لە بیست هەتا سیسالّ زیاتر لە لەدەستەڵاتی حزبەکەیدا ماوەتەوە، هەروەک بڵێی کەسیتر لەناو حزبەکەدا نییە جێگای بگرێت، یانیش حزبەکە لەو ساڵە درێژانەدا هیچ کادیرێکی بەرهەمنەهێناوە، هەردووکیشیان بۆ ئەوەی ببن بە بیانوو، پارادۆکسێکی خرشن.

ڕاستەشۆرشگێرەکان، دروشمی چەپیان بە گۆرانکارییەوە هەڵداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پەیرەویان بگونجێ، نەچەپمان چەپ بووە و نەڕاستمان ڕاستبووە، نە ئولدارمان ئولدارن و نە بێبڕوایەکانمان بێبڕوان، شتێک دروست بووە لەنێوان هەردوو کۆنسێپتدا، دوو جەمسەری ئاشکرامان نەماوە. ئەو راستییەش کە بە کۆنسێرڤەتیڤ خۆینیشانداوە هەمیشە ژینگەیێکی مناسب بووە بۆ دەستتێوەردانی دژمنان.

خەڵکی ستۆکهۆڵم، ئەمستردام یان ئوسلۆ هەستی شارستانیان بەرامبەر بە شارو تەنانەت دەوڵەتەکەشیان لەپێناو جیهانگەری کەمدەبێتەوە، ئێمە تازە خەریکین ئەو هەستە بەسەرچووە لەناخی خەڵکدا بچینین و بە پرۆسێسێکی دۆراو، فیوداڵیزم بکەین بە بورژوا وسەرمایەدارو دواتر ئینجا سۆشیالیزم و جیهانگەری؛ ئەوەیان دوورگەیێکە کە چاکنییە رووی کەشتیەکانی نەوەداهاتووەکانمانی لێبکەین.

زمانمان زمانی گوندە، جارێ نەمانتوانیوە بەقۆناغەکانیتردا پڕۆین،تاکو ئێستا زمانێکی تەڤگەرمان نییە، زاراوەکانی هەمووی زاراوەی گوندن، زمانی فەلسەفەمان نییە بەڵکو گرفتە هەرەمەزنەکەمان ئەوەیە کە فەلسەفەمان نییە، زمانی زانست و زمانی شارستانییەتمان نییە، ئەگەر ئەو هەمووەمان نەبن چۆن دەتوانین باسی بونیادگەری( Structuralism ) بکەین وچی لێتێدەگەین، ئێمە ئەگەر بە بونیادگەریدا نەڕۆین ورێچکەی تایبەتمان نەبێت، بێگومان ناتوانین لەتەفکیکیەت( de structuralism) تێبگەین، هەروەها مەحاڵە لە پۆستمۆدرنزمیش بگەین ئەگەر خوێندنەوەیێکی چاکمان بۆ مۆدرنزم نەبێت، چۆن دەتوانین ئارمی سۆسیال دیموکرات هەڵگرین و هیچ

ومارەسەیێکی سەرمایەداری و سۆشیالیستمان نەبێت، ئێمە خێڵێکین ناوی دیموکرات و سۆسیال دیموکراتمان هەڵگرتووەو بۆ ئەوەی دێممان لەلای رۆژهەڵات ئەرێبێت.

مەحاڵە بتوانین بەهەموو قۆناغەکاندا پڕۆین لە رۆژی دروستبوونی ژیارەوە، بەڵام دەتوانین سوودی لێ وەرگرین و بە فلتەرێکی پراگماتیک سوودەکانی لێدەربێنین، لەوانەیە بارمان زۆر ئاسانتربێت لەوەی کاتی خۆی لەئەنجامی هێزی هزر کاری تێداکراوەو دروستبووە وخەڵکانیتر بە ئەزموون و تاقیگەری فێربوون، بەڵام بێگومان بۆ ئێمە زۆر ئاسانتردەبێت ئەگەر بزانین خوێندنەوەیێکی ئەکادیمی وزانستی بۆ بکەین. جاران تیوری رێژەیی وتیوری کێش کارێکی مەزن بوون بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت هزری تێدابکات و بیاندۆزێتەوە، کەدۆزرانەوە، رووی ئەردیان گۆری، بەڵام ئێستا هەموو خوێندکارێکی ناوەندی و ئامادەیی دەیانزانێت.

چەمکی فەندەمینتاڵ زۆر لای کورد بەهێزبووە، "یان ناچێتە ئاش یانیش ئاشەوان دەکوژێت" وکورد لەسەر رابردووی خۆی زۆر بەنەفرەت و توندە، ئەگەر رژێمێک گۆڕا هەوڵدەدەین هەرچی پەیوەندی بەو رژێمەوە هەبێت بەبوغزێکی قووڵ بیفەوتێنین، لەژێر دروشمی پێشکەوتنخوازو (وطنیة) هەمووشتێک ڕادەماڵین، بۆیە هیچ بەردەوامی پاراستنی کەلتوری/فەرهەنگیمان نەماوە. پێمان وایە سەرکردەکانی کورد هەموویان هەڵەیان کردووە، بگرە لە صلاح الدین ئەیوبیەوە هەتادەگاتە بەدرخانییەکان و مەلیک مەحموودو بارزانی، ئێمە نەمانتوانیوە لە دیرۆک تێبگەین ونەمانتوانیوە شیکردنەوەی باری دەوروبەری سەلاحەدینی ئەیوبی بکەین، هەر بۆ ئەوەندە ئازاین باسی ئەوەبکەین کە سەلاحەددین دەوڵەتێکی کوردی دروستنەکرد! نازانین کە هزری نەتەوایەتی لەناو کورد هەتاکوچاخی هەژدە دەستی پێنەکردبوو. ئەوەندە لەشۆڕشی بەدرخانییەکان گەیشتووین کە تورکەکان بنەماڵەی بەدرخانییەکانیان گرت و نەفییان کردن،نازانین ئێزدین شێر چییکردو چۆن هەرەسی  بەو شۆڕشە مەزنەهێنا. ئەوەندە لەشۆڕشی بارزان تێگەیشتووین کە شێخ عەبدولسەلام لەسێدارەدرا، نازانین بۆچی بارزانی نەمر نەیویست خوێنی کورد لە نسکۆی ٧٥ بڕژێ.

نازانین بۆچی مەلیک مەحموود درێژەی بە پرۆژەی مەملەکەتی کوردستان نەدا،  ئەوەندە دەزانین بڵێین شێخ مەحمود تۆقەی لەگەڵ ئینگلیزەکان نەکرد.  تەنها دەزانین گلەیی بکەین، توانای ئەوەمان تێدا نییە شیکردنەوەبکەین و لەهەڵەکانمان فێربین.

لەئێستاوە، ولەناو ئەو مەنەفیستەدا دەبێ جارێکی تر درێژە بەخەباتی بەدرخانییەکان بدەین، درێژە بە پرۆژەی مەلەکیەتی مەلیک مەحمود بدەین لە پێشەوا قازی فێربین کە قەت نابێ پڕوا بەدژمن بکەین و لەبارزانی فێربین چۆن خەبات بە تفەنگی پڕنۆ و چەند لەتەنانێک دەکرێت نەک بە بورجی عاجی و خۆبەزلزانین بەرامبەر بەمللەت، چونکی بارزانی نەمر وەک شۆڕشگێڕێکی ئوروسوکرات و بنەماڵەیێکی ناودار لەبەرامبەر دژمن زۆر مەزن بوو،لەهەمانکاتدا لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکی هەژاری رەشورووت لەسەر یەک سفرە نانی دەخوارد. بەپێویستیدەزانم بزووتنەوەی ئوروستوکراتیەتێکی پاتریۆتی شۆڕشگێڕ درووست ببێتەوە بۆ ئەوەی رێگا لە سەرخێڵە فیوداڵە خوێنمژەکان بگرێت بۆ لەڕێلادانی خەباتی ڕزگاریخوازی مللەتی کورد، چونکە هەندێک لە سەرخێڵەکان بە بۆچوونی من و خوێندنەوەی باری دیرۆکی کورد، هەمیشە ژینگەیێکی ئاسان بوون بۆ ئەوەی دژمن پلانەکانی کوردڤران لەناویاندا بچینێت و بەئاسانی بیانکات بەداردەستی خۆی بۆ لەناوبردنی سێنترالێکی بەهێز؛ لەهەمانکاتدا گرنگییێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بۆشایی سیاسی نەمینێت، بۆ ئەوەی شەپۆلێکی توندڕەوی نەرمبڕ ببێتە هێزی سێهەم لەکوردستان.

دەبێ بزووتنەوەی مەلەکیت درووستکەین بۆ ئەوەی ناوکێکمان هەبێت و ئەو ناوکە ببێتە سامبول و مەرجەعیەتی سیاسی ونەتەوەیی، نەک وەکو جاران شەرعیەتمان لە لاوازبوون و ناشەرعیەتی حوکمی بەغدا وەرگرین، دەبێ شەرعیەتمان لەدەست سامبولی مەلەکیەتی کوردستان بێت. ژیانی سیاسیش رێگای خۆی بەتەواوەتی وەرگرێت و ئەو ناوکە ببێتە بناغەی سێهەمی سێکوچکەی میللەت/حکومەت، ئۆپۆزیسیۆن و تەنها مەرجەعیەتی سیاسی و سامبولی خەباتمان بێت؛ ئەوسا بەبۆچوونی من :جەمسەر دروستدەبێتەوە،بۆ ئەوەی بتوانین رێز لە خەبات و پەیڕەوی

چەپمان بگرین، دەبێ جەمسەری راستیش بژیێنینەوەو لەمەودووا نەچەپ ببێتە مایەی لەناوبردنی ئوروستوکراتیەت و هەرچی شەپۆلی راست هەیەو نەش راست ببێتە هێزێکی رێگر لە رێگای پێشکەوتنخوازی و ئازادی یەکجارەکیمان.

ئێمە چەپێکی پاتریۆتی نیشتیمانپەروەرمان دەوێت بۆ ئەوەی ببێتە جەمسەری تری هاوسەنگی سیاسی بەرامبەر بە راستێکی نەتەوەیی وپاتریۆت، ئەو راستەی کە هەموو هێزە کونزێرڤەکان لەخۆیەوەبگرێت و ببێتە هێزێکی پێشکەوتنخواز لەجیاتی هێزێکی فیودالی خوێن مژ. لەجیاتی ئەوەی ئاغاکان بکوژین و هەوڵی لەناوبردنیان بدەین، دەبێ لەناخی خۆمان شەڕیان لەگەڵدا بکەین و بیانکەین بە مرۆڤی پاتریوت بۆ ئەوەی لە پرۆسە سیاسیەکەدا دەورێکی ئاڤاکەریان هەبێت و بتوانن هاوسەنگی بخەنە ناو هاوکێشە سیاسیەکەی کوردستان.

ئەگەر لە هاوکێشی سیاسیدا دووجەمسەر نەبێت باری خراپی لێ روودەدات و کۆنسێپتی خەبات بەرەو تۆتالیتاریزم دەبات، چونکی باری ئێستای کوردستان لەڕوی خوێندنەوەی سیاسییەوە بارێکی نائاساییە، لەهیچ شوێنێک نەبووە حکومەتێکی دیموکرات هەبێت بە دامودەزگاو پەڕلەمانەوە ئۆپۆزیسیۆنی نەبێت، مەرج نییە ئۆپۆزیسیۆن دژی هەموو خەباتی حزبە دەستەڵادارەکان بێت، دەکرێت ئۆپۆزیسیۆنێکی نەتەوەپەرست وپاتریۆتیشبێت و لەگەڵ حزبە دەستەڵاتدارەکانیش لەڕووی هزرەوە یەکنەبێت.

حزبە بچوکەکان بەداخەوە نەیانتوانیوە ئیتیلافێکی پارتیۆت دروستکەن و ببن بەهێزی سێهەم لەکوردستان، بۆ ئەوەی حزبە دەستەڵاتدارەکانیش بتوانن خەباتی شۆڕشگێڕی پێشمەرگایەتی خۆیان بە فۆرمێکی شارستانی بەڕێوەببەن وپرۆسە سیاسیەکە رێچکە ئاساییەکەی خۆی وەرگرێت و شۆڕشی سپی رووبدات، شۆڕشی ریفۆرم چاکسازی رێگا لە کەسانیتر بگرن بۆ ئەوەی نەبنە هێزی سێهەم، رێگا لە شەپۆلێکی نیشتیمانپەروەری نەتەوەیی پاتریۆت بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەڵەکان هەڵمژێت و ببێتە کاغەزی فشار بۆ دەوڵەتە ئیقلیمیەکانیش و بۆ ئەمریکاو ئەوروپاش بۆ ئەوەی فشار نەخەنە سەر دەستەڵاتی کوردی کە بە کەمترین مافی سیاسی وژیان ئەرێبن.

ئەگەر حوکمی کوردستان ببێتە حوکمێکی (مەلەکی دستوری دیموکراسی) کە حکومەت کارە خزمەتگوزاریەکانی خۆی بکات، هەڵەبکات و شتی باشبکات و ئیستیقالە بدات و درووستببێتەوە،بەهێزبێت، لاواز بێت، هەرچی بیکات مللەت دەبێتە رەقیب لەسەری، ئەوسا ئەگەر هاوڵاتییێک لەبرساندا یان لەبێکارەبایی وبێ حاڵیدا یان لەبەر هەرشتێکی تر جنێو بەحکومەت بدات لەخانەی دژمنانی هەمووخەباتی پێشمەرگەو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نەژمێردرێت، با شتێک بمینێت هاوڵاتی وەکو (تەنفیس) توڕەبوونی خۆی پێدا هەڵرێژێ بەبێی ئەوەی دژایەتی خەباتی گەلی کوردستان بکات، با ئەو سامبولانەمان بمینێن بۆ ئەوەی دانەبەزنە رێزی ئەوەی هاوڵاتییێکی توڕە جنێو بە موقەدەساتی کورد بدات و ببێتە مایەی ئەوەی لایەنی ناحەز ودژمن هەڵیقۆزنەوە، دەبێ ئەو موقەدەساتانە لە کورسی حوکم دووربن و وەکو هێزێکی سەروەر ومەرجەعی سیاسی وئاینی و کۆمەڵایەتی ببن بە نموونە بۆ خەبات و ژیان وپێشکەوتنی هەموو مللەت و دەستەباڵایەکان لەسەرسەرمان بمینێت.

دەکرێ مەلەکیش بین و دیموکراتی دستووریشبین، بەڵام مەلیک هەر لەشوێنی خۆی دەمینێت و هیچ شتێک ناگاتە سەروەریەکەی، چونکی سەروەریەکەی لە شەرعیەتی خەباتی سەدان ساڵی کورد وەرگیراوەو وەکو ئاگری نەورۆز هەتا هەتایە هەر گەش وسەروەر دەمێنێت.

وەک دەبینین لەدەوروبەری کوردستان، بەتایبەت وڵاتە عەرەبیەکان، ئوردنی لێدەرچێت هەرهەمووی ئەوانەی لە کاتێکدا ئیعلانی جمهوریتیان کرد، هەر مەلەکین، حافز ئەسەد لەسوریا دەڕوات کوڕەکەی دێتە جێگای، حسنی مبارک دەڕوات کوڕەکەی ئامادەکات،سەدامیش بەتەمای ئەوەبوو، معمر قەزافی و زۆریتر، هەر هەمووی لەسەر چەمکی ویراسەت دەڕۆن ناوەکەیان لەمەلەکی گۆڕیوە بۆ جمهوری، بەڵام وەک رەفتار هەر مەلەکین. ئێمەی کوردیش بەرەو هەمان دەرد دەڕۆین، دەردە لەبەرئەوەی نابێ ناوێک لەخۆمان بنێین وموماڕەسەیەکی دی بکەین با

لەسەرەتاوە خاڵ لەسەر پەیڤەکان دابنێین لەخۆمان ورابردوومان شەرمنەکەین،  ئێمە مەلەکی دەبین لەبەرئەوەی تەڤنی کۆمەڵمان لەسەر ئەو بناغەیە درووستبووەو سامبول گرنگییێکی تایبەتی لە ژیانماندا هەیە، ئێمە مەلەکین لەبەر ئەوەی مەلیک مەحموود پرۆژەییێکی مەلەکی تەواونەکراوی بەجێهێشت، لە قۆناغی وەکو ئێمەدا سامبول وەرگرتن کارێکی ئاسایی و رەوایە، ئێمە ئەگەر سامبولێکمان بۆ خەباتکردن نەبێت ناتوانین بەردەوامی بەخەباتمان بدەین،گەنجەکانمان دەبن بە وێڵ وسەرگەردان و ژیانیان دەبێتە فەوزاو بێ واتەیی، ئێمە دەبێ بەرلەهەموو شتێک بیر لە وڵاتێک بکەینەوە کە تیایدا بحەسێینەوە، ئینجا دەتوانین شتی تر بکەین و بێگومانیش خەباتی چینایەتی دوای خەباتی رزگاربوون دێت، ئەگەر خۆمان وڵاتمان نەبێت ناتوانین شەڕ بۆ وڵاتانیتر بکەین، لەقۆناغی سەرخۆبوون بین و خەباتی چینایەتی بکەین و باسی ئومەمیەت بکەین، یانیش بە ئەبستراکت بەدووای جیهانگەری بکەوین، کە چەند کەسێک زەنگیندەبن و ئەوەی ماوە لەژێر پێیان ون دەبێت. بۆیە بەگرنگی دەزانم لەباشترین و نێزیکترین رێگای سەرخۆبوون بگەڕێم،هەروەها بەدوای دروشم و قسەی ناو فەرهەنگەکان نەکەوم، کۆنسێپتە کۆنەکانیش بە دۆگما نەکەم بە تەنها رێگای هزری خۆم، بەڵکو شتەکان وەکو خۆیان چۆنن ئاوا بیانبینم، نەک وەک ئەوەی من دەمەوێ بیانبینم، چونکە ئەوە دوو کۆنسێپتی لەهەڤجیاوازن.

ئەوەی لەرۆژهەڵات دەیبینین و هەستی پێدەکەین زیاتر بەرەو مەلەکیەت دەڕوات نەک جمهوریەت، چونکی سەرکۆی مرۆڤ دەبێتە بنەماڵە وسەرکۆی بنەماڵە دەبێتە خێڵ وسەرکۆی خێڵ و خاک دەبێتە فیودالیزم و سەرکۆی فیوداڵەکان دەبێتە ئیمارەت، سەرکۆی ئیمارەتەکانیش دەبێتە مەملەکەت کە ئەو هەموو خێڵ و فیوداڵانە لەژێر ئاڵای یەک مەلیکی سەروەردابن و هەموویان پێی ئەرێ بن. ئەو رێگایە نزیکترە لەوەی لەفیودالیزەمەوە بەرەو برجوازیەت و برجوازیەتی بچووک و ئینجا جمهوریەت، ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتە ئیسکەندەناڤیەکان مەلەکین، تەنانەت ئەوانەی سیستمی سۆشیال دیموکراتیش پەیڕەودەکەن لە هەموو سیستمەکانی تری دونیا مرۆڤترن و لەمەسەلەی مافی مرۆڤ و بەهاو ئاکاری مافە کەسایەتیەکان لەهەموویان لەپێشترن، ئەگەرچی مەلەکیەت تەنها وەکو سامبوولیش مابێت و تێکەڵی ژیانی سیاسی نەبێت. دەوڵەتێکی وەکو بریتانیا کە بێگومان باشترین دەوڵەتە لە پراکتیزەی یاسا هەر مەلەکیەکەیان هەڵبژاردووە وەکو سامبول، لە ساڵی  لەکاتی "کرۆموێڵ" ١٦٥٣بۆ ماوییێکی کورت رژێمی جمهوری هاتە کایەوە، بەڵام هەرزوو لێی پەشیمان بوون و مەلەکیەکەیان هێنایەوە. بریتانیا، سوید، نەرویج، بەلجیکا، ئیسپانیا، هۆڵەندا، دانیمارکهەر هەموویان ئەوەندە هۆشیاری سیاسیان لەناودا هەیە بتوانن باشترین شێوەی حوک هەڵبژێرن، ئەگەر مەلەکیەتەکە باشنەبووایە دەیانتوانی بەئاسانی و بەبێ خوێنڕژتن بیکەن بەجمهوری، بەڵام هەر هێشتویانەو هەمیشەش باشترین وڵاتن لەکۆنسێپتەکانی مافی مرۆڤ مافەکەسایەتیەکان بەگشتی. با ئێمەی کوردیش مەلیکێکی کوردپەروەرمان هەبێت، کە کوردستان بست بەبست بە مومتەلەکاتی خۆی بزانێت و هیچکاتێک ئامادە نەبێ تەنازول لە مومتەلەکاتی بکات و گرنگیش نییە کێدەبێت. خوێنێکی کوردی پاک ڕەوشت و دابونەریت وتیتاڵی کوردی بپارێزێت. بۆچی ئێمە دوای ٨٠ ساڵ لە مەلیک مەحموودەوە نەوێرین ئەو بزووتنەوەیە درووستکەینەوەو وەک کەناڵێکی تری خەبات پەرەپێدانی پێبدەین و هەر لەرۆژی دامەزراندنییەوە وەک مەملەکەتی کوردستان خاکی کوردستان بەکاملی داخواز بکەین.

**کۆتایی: بۆ کۆمەڵەی پەلەوەران، کورتەباڵایان، ڕاوو شکاران، کەرگەلی کوردستان**
**کۆمەڵەی رەبەنانمان هەبێت، بۆ بزوتنەوەیێکی مەلەکیی سەروەرمان نەبێت نەبێت**